# ڕۆڵی ژن لە ململانێی  نێوان فیرەقەکانی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتی عەباسیدا (١٣٢- ٢٣٢ک)

د.شوان عوسمان مستەفا*                ئامانج نعمت شوکت**

کلیله وشەکان: ژن، ئۆپۆزسیون، عەباسیەکان، خەواریج، عەلەویەکان، بەرمەکی، زەندیقەکان، سیخوڕی
https: //doi.org/10.31271/jopss.10075

**پوختە**

لە نێو دەسەڵاتی عەباسی بەهۆی ئەوەی بە بەراورد بە قۆناغەکانی پێش ئەو سەردەمە ژنان ئازادیەکی زیاتریان هەبووە و لە زۆرێک لە بوارەکان هاتونەتە پێشەوە، توانیویانە لە بواری سیاسیشدا دەربکەون، یەکێک لەو بزوتنەوانەی ململانێی توندی لەگەڵ دەسەڵاتی عەباسی هەبووە بزوتنەوەی خەواریج بووە، ژنان لەهەردوو بەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئیسلامی بە ئاشکرا و نهێنی چالاکیەکانی خۆیان  ئەنجام داوە و هاوکاری بەرچاوی بزوتنەوەکەیان کردوە و بەهۆی ئاسانی هاتوچۆکردن و نەبونی چاودێری لەسەریان ئەرکی گواستنەوەی پەیامە سیاسی و سەربازیەکانیان لە ئەستۆ گرتووە. عەلەویەکان وەک بزوتنەوەیەکی ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتی عەباسی هەر لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتەکەوە کەوتونەتە دژایەتی کردنی دەسەڵات و خۆیان بە شایەنی خەلافەت زانیوە، لەم نێوەندەشدا ژنانی عەلەوی ڕۆڵی بەرچاویان گێراوە لە بواری سیاسی و گەیاندنی پەیامە سیاسیەکانی نێوان سەرکردە عەلەویەکان لە بەرانبەر ئەم کارەشیان توشی بەدیل گرتن و توندوتیژی بونەتەوە، گروپێکی دیکەی نەیاری عەباسی بەرمەکیەکان بوون لەگەڵ ئەوەی سەرەتا  لایەنگیری دەسەڵاتی عەباسی بوون و لە پۆست و پلە و پایەی بەرزدا بوون، بەڵام دواجار بەهۆی دەست تێوەردانی زۆر و هەندێک هەنگاوی هەڵەی لە نمونەی هاوسەرگیری نهێنی لەگەڵ  کچانی نێو بنەماڵەی عەباسی پەیوەندیەکانیان تێک چووە و بە کارەساتانی کەوتنی بەرمەکیەکان ناسراوە، سەبارەت بە زەندیقەکانیش دوای کوژرانی سەرکردەکەیان هەندیک لە ژنانی زەندیقی کەوتونەتە بەر هەرەشەی عەباسیەکان و تەنانەت سەرچاوەکان باسیان لەوە کردوە کە کەس و کاری سەرکردەکانی زەندیق لە ئەنجامی توقاندنیان گیانیان لەدەست داوە.یەکێکی دیکە لە ڕۆڵە هەرە دیارەکانی ژنان لە ململانێی نێوان دەسەڵات و ئوپۆزسیۆن بریتی بووە ئەنجامدانی کاری سیخوری  لە لایەن ژنانەوە، تەنانەت لەسەردەمی خەلیفە مەئموندا نزیکەی هەزار و حەوت سەد ژنی پیر بەکارهێنراون بۆ ئاگادار بوون لە دۆخی خەلک، ئەمە جگە لەوەی ژنان لە شێوەی بازرگان و خاوەنکار و پزیشک نێردراونەتە ئەو ناوچانەی کە هەژمونی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی تێدا بەهێز بووە بۆ ئەوەی ئاگاداری جوڵە و چالاکیەکانی بزوتنەوە ئۆپۆزسیۆنەکانی دەسەڵاتی عەباسی بن.

---

* پرۆفیسۆر لە مێژوی سەدەکانی ناوەڕاست- مێژوی ئیسلام، بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی shwan.mustafa@univsul.edu.iq

** خوێندکاری ماستەر لە مێژوی سەدەکانی ناوەڕاست، بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی amanjhstory@gmail.com

**ملخص**

**دور المرأة في الصراع بين فصائل المعارضة والسلطة العباسية (١٣٢-٢٣٢ هـ)**

لأن المرأة كانت تتمتع بحرية أكبر مما كانت عليه في العهود السابقة للعهد العباسي، برزت في العديد من المجالات، واستطاعت أن تبرز في المجال السياسي. كانت حركة الخوارج واحدة من الحركات التي تخوض صراعا شرسا مع السلطة العباسية. قامت النساء في مشارق الدولة الإسلامية ومغاربها بأنشطتهن علنا وسرا، وتعاونَّ بشكل كبير مع الحركة، وبسبب سهولة الحركة وعدم وجود الرقابة عليهن، اتخذن على عاتقهن مهمة إيصال المخاطبات السياسية والعسكرية. العلويون، بوصفهم حركة معارضة لسلطة العباسيين، عارضوا السلطة منذ تأسيس الدولة وكانوا يعدّون أنفسهم أحقًّا بالخلافة، لعبت النساء العلويات دورا مهما في المجال السياسي وإيصال الرسائل السياسية فيما بين القادة العلويين، وتعرضن للاعتقال والعنف من جراء ذلك. تعدّ البرامكة أيضا من المعارضين السياسيين للعباسيين، مع أنهم كانوا في البداية مؤيدين لسلطة العباسيين وتقلدوا في الحكم مناصب عليا، ولكن سرعان ما تدهورت هذه العلاقات بسبب التدخلات وبعض الخطوات الخاطئة من مثل الزواج السري من نساء العائلة العباسية والتي عرفت فيما بعد بحادثة سقوط البرامكة، وفيما يخص الزنادقة فإن بعد مقتل زعيمهم، تعرضت نسائهم إلى تهديد من قبل العباسيين، وتؤكد المصادر أن أقارب قادة الزنادقة لقوا حتفهم نتيجة للتخويف الذي تعرضوا إليه. ومن الأدوار البارزة الأخرى للمرأة في الصراع بين السلطات والمعارضة، قيامهن بالتجسس من حتى في عهد الخليفة المأمون، تم استخدام حوالي ١٧٠٠ امرأة مسنة من أجل متابعة أحوال الناس، فضلا عن تخفّيهن وتنكرهن على هيئة التاجرة أو صاحبة عمل أو الحكيمة لأداء مهمة التجسس في المناطق التي كانت خاضعة للمعارضين، لمعرفة تحركات المعارضين للدولة العباسية.

**Abstract:**

**The role of women in the conflict between the opposition factions and the Abbasid authority (132-232 AH)**

During the Abbasid reign, compared to the previous eras, women had more freedom and came forward in many fields. As a result of that, they were able to play their roles politically. One of the movements which were in strong conflict with Abbasid authority was the Kharijites movement. On both eastern and western Islamic sides, women carried out their activities publicly and secretly and supported the movement considerably. Due to their easy comings and goings and lack of censuring on them, they had the task of transferring political and military messages. The Alawites, as an opposition movement of the Abbasid authority, since the beginning of the establishment of the state stood against the authority and considered themselves worthy of the Caliphate. In this arena, Alawite women had a remarkable role in politics and in delivering political messages among Alawite leaders, and consequently, they encountered imprisonment and violence. Another opponent group of the Abbasids was the Barmakids. Although they were initially supporters of the Abbasid authority and held high positions, eventually, due to a lot of interference and some wrong steps, for instance; secret marriages with girls in the Abbasid family, their relations deteriorated, and this is known as the disaster of the Barmakids fall. Regarding the Zandiqs, after their leader'smurder, some Zandiqi women were threatened by the Abbasids, and even the sources have talked about how some relatives of Zandiq leaders died as a result of their intimidation. Another prominent role of women in the conflicts between the authorities and the opposition was the action of spying by women. Even during the reign of Caliph Al-Ma'mun, about 1,700 old women were used for being aware of people's conditions. Despite that, women were sent, in the guise of business people, employers, and doctors, to areas where opposition parties had hegemony to be aware of the movements and activities of the Abbasid opposition movements.

## پێشەکی

مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری ئیسلام سێ کۆڵەکەی سەرەکی شارستانیەتی ئیسلام پێک دەهێنن، مێژوی سیاسی و ئابوری زۆر لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام دراوە، لەبەرانبەردا مێژوی کۆمەڵایەتی کەمتر توێژینەوەی لەسەر کراوە و لە نێو مێژوی کۆمەڵایەتیش ڕۆڵ و پێگەی ژن کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە، لەم توێژنەوەیەماندا هەوڵ دەدەین ڕۆڵ و کاریگەری ژن لە مێژوی ئیسلام دەربخەین لە ڕووی ڕۆڵیان لە نێو خودی دەسەڵات و هەروەها ڕۆڵیان لە نێو لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی دەوڵەتی خیلافەت وەک خەواریج و عەلەوی و بەرمەکی ....تاد، هەروەها هانا بردنی دەوڵەتی خیلافەت(دەوڵەتی عەباسی) بۆ ژن لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، بەتایبەت لە بواری هەوالگری و سیخوری بەهۆی تایبەتمەندی سایکۆلۆژی ژن لە بەدەست هێنانی هەواڵ و زانیاریەکان، بەتایبەت لە نێو گروپەکانی پۆپۆزسیۆنیشدا جگە لە ڕۆڵی سەرکردەیی ڕۆل و کاریگەری هاوکاری و پراکتیزەکردنی فەرمانەکانیان گەیاندوە و قوربانی زۆریشیانداوە لە هەردوو لایەنی رکابەردا، ئەم توێژینەوەمان کە چوار تەوەری سەرەکیە ئەم بوارە جیاوازانەی ڕۆل و کاریگەری ژنان وەک ئۆپۆزسیۆن لە مێژوی ئیسلامدا خستۆتە روو.

## تەوەری یەکەم: ڕۆڵی ژن لە بزوتنەوەکانی خەواریجدا:

دەوڵەتی عەباسی سەرەڕای ئەوەی پێشتر ئوپۆزسیۆنی دەسەڵاتی ئومەوی بووە و توانیویەتی سەرکەوتوو بێت لە ڕوخانی دەوڵەتی ئومەوی و دامەزراندنی دەوڵەتی عەباسی، بەڵام هەرزوو ژمارەیەک گروپی جیاواز ڕۆشتونەتە مەیدانەکە و کەوتونەتە دژایەتی کردنی دەسەڵاتی عەباسی، بەشێک لەوانەش پێشووتر جۆرێک لایەنگریان هەبووە بۆ عەباسیەکان بەشێکی دیکەشیان بەهۆی سیاسەتەکانی خەلیفەکانی عەباسی و جیاوازی بیروڕای مەزهەبی و سیاسی کەوتونەتە شۆڕش و ڕاپەرین دژی عەباسیەکان.

خەلیفەکانی سەرەتای دەوڵەتی عەباسی بەتایبەت (ابو جعفر المنصور) (١٣٦ك-١٥٨ك) ئارەزوی بەشداری ژن نەبووە لە کایەی سیاسیدا، بۆیە بەشداری ژن لە سەردەمەکەی تا ڕادیەک لاواز بووە، بەشێوەیەک (ابو جعفر المنصور) لە بەشێک لە وەسیەتەکەیدا بۆ مەهدی کوڕی داوای لێکردوە خۆی لە دەست تێوەردانی ژنان بە دور بگرێت و پێی وتوە"نەکەی گوێ لە ڕاوێژی ژنان بگری پێشمواپە دەیکەی"[١]، بەڵام لە دوای خەلیفەی دووەمی عەباسیەوە ژنان توانیویانە لە زۆربەی بوارەکاندا ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و دەست وەربدەنە کاروباری سیاسی و سەربازی لە هەردوو بەرەی دەسەڵات و گروپەکانی ئۆپۆزسیونیدا[٢].

ژنانی نزیک لە کۆشکی عەباسی بەهۆی ئەوەی تا ڕادەیەک خاوەن سەربەخۆیی ئابوری بون[٣]، پاڵپشت بە لایەنی ئابوری بۆ هەندێک کاروبار جۆریک لە ئازادیان هەبووە، لەو سۆنگەیەوە ژنان بە گشتی و ژنانی خاوەن سەرمایە بەتایبەت توانیویانە ڕۆڵیان هەبێت لە هەندێک لایەنی سەردەمی عەباسی و یەکێک لەو بوارانەش ژنانی بنەماڵەی عەباسی هاوشانی پیاوان هەماهەنگیان تیدا کردوە کاروباری سیاسی بووە، ژنان بەهۆی بەخشینەکانیانەوە توانیانە شکۆداری خۆیان بپارێزن و لەناو خەلافەت و ئۆپۆزسیونیشدا ڕێز لە خۆیان و بیروباکانیان گیراوە[٤].

یەکێک لەو شۆڕشانەی دژی دەسەڵاتی عەباسی و بەتایبەت خەلیفە (ابو جعفر المنصور) ئەنجام دراوە شۆڕشی (سنباذ)[٥] بووە لە ناوچەی خۆراسان، (سنباذ)لە سالی ١٣٧ک/٧٥٦ز ژمارەیەک ژنانی موسڵمانی بە دیل گرتبوو ئەو کاتەی ڕوبەڕوی سوپای خەلافەت بۆتەوە ژنە دیلەکانی خستۆتە ڕیزی پێشەوەی سوپاکەی، ئەوکاتەی جەنگی نێوان سوپای سەنباد و عەباسیەکان لە بەرژوەندی

---

[١] ابن العبري: تاريخ مختصر الدول، تح: انطوان صالحاني اليسوعي، ط٣، دار الشرق، بيروت، ١٩٩٢، ج/١، ص١٢٣.

[٢] ابن الجوزي: المنتظم في تاريخ الملوك و الامم، تح: محمد عبدالقادر عطا و مصطفى عبدالقادر عطا، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٢، ج/٨، ص٢٠٤.

[٣] الصولي: الاوراق، ب.ط، شركة الامل للنشر، القاهرة، ١٤٢٥هـ ج/١، ص٢٤.

[٤] الجاحظ: المحاسن و الاضداد، (ب.ط)، دار و مكتبة هلال، بيروت، ١٤٢٣هـ ص١٩١.

[٥](سنباذ): کەسێکی ئاگر پەرست بووە خەڵکی گوندێک بووە بەناوی ئاهن لە نیسابور لەدوای کوژرانی (ئەبو موسلمی خۆراسانی) لە ناوچەی ڕەی دەستی بەسەر گەنجینەکانی ئەبو موسلمی خۆراسانیدا گرتوە خەڵکێکی زۆری لە دەور خۆی کۆکردتەوە و لەساڵی١٣٧ك/٧٥٩ز دژی دەسەڵاتی عەباسی ڕاپەریوە و ڕاپەرینەکەی حەفتا ڕۆژی خایاندوە و دواجار لە ناوچەیەک لەنێوان تەبەرستان و قومیس لە لایەن (لۆنانی تەبەریەوە )کوژراوە.( الطبري: تاريخ الامم و الملوك، ج٢، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٨٧، ج/٤، ص٣٨٨).

عەباسیەکان یەکلایی بویەوە سەرەڕای ئازاد کردنی ژنانی لایەنگری عەباسی، عەباسیەکان ژنان لایەنگری (سنباذ) یان وەک دیلی جەنگ دەستبەسەر کردوە و نزیکەی (٨٠٠٠) کەسی لایەنگری (سنباذ) کوژراوە بەم شێوەیە ژنان لەو بزوتنەوەیە دوو جار بونەتە قوربانی جاریک وەک دیلی جەنگ دەست بەسەر کراون جارێکی دیکە بەهۆی کوژرانی هاوسەر برا و باوکیان بونەتە قوربانی[١].

ئەو جوڵانەوە ئۆپۆزسیۆنانەی خەواریج کە لە سەردەمی عەباسی دروستبون زۆرینەیان لەژێرکاریگەری صەفاری[٢] و ئیبازی[٣] و گروپەکانی دیکەی خەرواریجدا بوون، زۆرینەی خەلیفەکانی سەردەمی یەکەمی عەباسی بەتایبەت (ابو جعفر المنصور) و (هارون الرشید) بایەخی زۆریان بە کاروباری دەوڵەتەکەیان داوە بەتایبەت لە هەڵبژاردنی والیەکاندا کەسانی خاوەن ئەزمونی سیاسی و کارگێڕیان داناوە بۆ ئەوەی بتوانن زاڵبن بەسەر ناوچەکانی ژێر هەژمونیان و بەتوندی ڕوبەروی بزوتنەوە ئۆپۆزسیونەکان ببنەوە، بەتایبەت لەناوچەکانی مەغریبی عەرەبی، چونکە لەسەردەمی عەباسیەکان بەشێکی زۆری چالاکیەکانی بزوتنەوەی خەواریج لەناوچەی مەغریب بوون، بەهۆی ئەوەی لە ناوەندی دەسەڵاتی عەباسیەوە دوور بون [٤].

ژن لە بزوتنەوە ئۆپۆزسیۆنەکانی دەوڵەتی عەباسی بەتایبەت لە ناو خەواریجدا ڕۆڵیان هەبووە و کاریگەریان لەسەر ڕوداوە سیاسیەکانی سەردەمی عەباسی هەبوە و بە نهێنی و بە ئاشکرا بەشدار بون لە ڕوبەڕوبونەوەی دەسەڵاتی عەباسی، بەتایبەت لە بزوتنەوەی خەواریجی ئیبازیەدا ژن توانایەکی باشی نواند لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی بەشداری لەو بزوتنەوەیەدا و تەنانەت سەلماندویەتی توانای نهێنی پارێزی هەیە لە هەواڵ و چالاکیەکانی خەواریج و هاوشانی پیاوان لە روبەروبونەوەکاندا بەشدار بون[٥].

---

[١] الطبري: التاريخ، ج/٤، ص٣٨٨؛ ابن الاثير: الكامل في التاريخ، تح/ابي فداء عبداللة القاضي، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، ١٩٨٧، ج/٥، ص١١٤.

[٢] صەفاری(الصفرية): گروپێکی خەواریج بون و بیروباوەڕیان لە خەواریجی ئەزاریقەوە نزیکبووە بەڵام صەفاریەکان لەگەڵ کوشتنی منداڵ و ژنی ڕکابەرەکانیان نەبون، ڕای جیاواز لەسەر ناوەکەیان هەیە هەندێک وتویانە هەواداری زیادی کوڕی ئەصفەربون، وتراوە هەواداری عەبدوڵای کوڕی صەفارین، وتراویشە لە زەردی ڕەنگیانەوە ئەو ناوەیان لێ نراوە، هەندێک دەڵین ناوی سەفاری لە بەتاڵیان لە ئاینەوە هاتووە تەنانەت بە یەکیکیان وتراوە" سوێند بە خودا تو سفریت لە ئاییندا " .( الشهرستاني: الملل و النحل، ط٢، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٢، ص١٣٧؛ سليمان بن صباح الغصن: الخوارج، ط١، دار الكنوز اشبيليا للنشر، الرياض، ٢٠٠٩، ص٧١).

[٣] ئیباضی: ئەم گروپە هەواداری عبداللەی کوڕی ئیباض بون لە بەنی مورەی بەنی تمیمین، ئەم گروپە لەچاو گروپەکانی دیکەی خەواریج لە کۆدەنگی ئیسلامیەوە(الاجماع) نزیکن تاڕادیەک لێبوردەییان هەبووە لەگەڵ ڕکابەرەکانیان، ئیباضی لەناوخۆیاندا بەسەر سێ گروپدا دابەش بون ئەوانیش: حەفصی و یەزیدی و حارثی .( ابن قتيبة الدينوري: المعارف، تح: ثروت عكاشة، ط٢، هيئة مصرية العامة للكتب، القاهرة، ١٩٩٢، ج١، ص٦٢٢؛ الشهرستاني: الملل و النحل، ص١٣٤-١٣٦ ؛ عامر النجار: الاباضية و مدى صلتها بالخوارج، ط١، دار المعارف، الفاهرة، ١٩٩٣، ص٨٥).

[٤] محمود اسماعيل عبدالرزاق: الخوارج فى بلاد المغرب، ط٢، دار الثقافة، دار البيضاء، ١٩٨٥، ص٩٧.

[٥] الجاحظ: رسائل السياسية، (د.ط)دار و مكتبة الهلال، بيروت، (د.ت)، ص١١١؛ واجدة مجيد عبداللة الاطرنجي: المرأة في ادب العصر العباسي، ط١، مركز زايد للتراث و التاريخ، الامارات، ٢٠٠٢، ص٨٦.

ئەوکاتەی دەوڵەتی عەباسی دروست بوو هەنێک کەسایەتی دیاری بنەماڵەی عەباسیەکان بونەتە هەوادارى ئایینزای ئیبازیە لەناویاندا، (سعیدة)ی خالۆژنی خەلیفە (مهدي)(١٥٨-١٦٩ك/٧٨٠-٧٩١ز) هاوشان بە (عبدالله بن الربیع) ی هاوسەری لە ژێر کاریگەری ئەم گروپە بوون، تەنانەت خودی (ابو جعفر المنصور) سەرەتا هەندێک لایەنگری بۆ مەزهەبی ئیبازیە هەبووە، (سعیدة)ی هاوسەری (عبدالله بن الربیع) لە ماڵەکەی بەنهێنی جیگایەکی بۆ هەوادارانی ئیبازیەکان تەرخان کردوە و لە شەواندا تیایدا کۆبونەتەوە[١].

کورێکی (عبدالله بن الربیع) کە لە (سعیدة) نەبووە، ڕۆشتۆتە ناو دانشتنەکانی ماڵی (سعیدة) و دوای ئەوەی داوای هاوسەرگیری لە دووان لە ژنانی ئیبازی کردوە و ڕازی نەبوون، کورکەی (عبدالله بن الربیع) تورە بووە و نامەیەکی بۆ خەلیفە (ابو جعفر المنصور) نوسیوە و هەواڵی کۆبونەوەی ژنانی ئیبازەی لە ماڵی(سعیدة) پێ داوە[٢] .

(عبدالله بن الربیع) دوای ئەوەی (ابو جعفر المنصور) نامەی کوڕەکەی بۆ گەڕاندۆتەوە توشی شۆک بووە و بە (ابو جعفر المنصور)ی وتوە "کوڕەکەم نەخوشی عەقلیی هەیە"[٣]و تەنانەت (ابو جعفر المنصور) چارەسەری پزیشکی بۆ ناردوە، هاوکات (عبدالله بن الربیع) گلەیی لە (ابو جعفر المنصور) کردوە کە لەسەر نامەیەکی کوڕکەی گومانی لە هەبونی پەیوەندی(سعیدة)ی هاوسەری و خالۆژنی مەهدی کوڕی کردوە بە بزوتنەوەی ئیبازیەکانەوە[٤].

سەرکردە ئیبازیەکان لە بانگەشە و ڕێکخراوە سیاسیەکانیان پشتیان بە شێوازی نهێنی بەستوە، بۆ ئەمەش پێویستیان بە ژنان بووە، بەهۆی ئەوەی توانای خۆحەشاردانیان زیاتر بووە بەتایبەت لە کاتی گواستنەوەی نامەکاندا، ژنان بەهۆی پێگە کۆمەڵایەتی و ئایینیەکەیان نەپشکنراون بەمەش بونەتە ئامرازی پەیوەندی نێوان ئەندامانی ڕێکخراوەکە، بەڵام دواتر لە سەردەمی خەلیفە (المأمون)(١٩٨-٢١٨ك/٨٢٠-٨٤٠ز) سەرەڕای نهێنی بزوتنەوەی ئیبازیە لە بەسرە و شاراوەیی ڕێکخراوەکانی، بەڵام لەسەر دەستی خەلیفە (المأمون)دا توانراوە بە بەکارهینانی ژنان و شانە نهێنیەکانی ژنانی خەواریج ئاشکرا بکرێن، لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکەکانیان نەوە دوای نەوە لەسەرهەمان ڕێچکەی نهێنی و بەرکاهێنانی ژنان ڕۆشتون، بزوتنەوەی ئیبازە ڕوبەڕوی توندوتیژی عەباسیەکان بونەوە بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتدا عەباسیەکان گورزی توندیان لە خەواریجەکان داوە، بەڵام لە بەسرە لەسەر بانگەشەی نهێنی بەردەوام بوون[٥].

---

[١] ابي زكريا: سير الائمة و اخبارهم، تح: اسماعيل العربي، ط٢، دار الغرب الاسلامي، بيروت، ١٩٨٢، ص١٤؛ الشماخي: كتاب السير، تح: احمد بن سعود السيالبي، (ب.ط )، منشورات وزارة التراث القومي و الثقافة، سلطنة عمان، ١٩٨٧، ج/١، ص١٠٠ .

[٢] الشماخي: كتاب السير، ج/١، ص١٠٠-١٠١؛ مهدي طالب هاشم، حركة الاباضية في مشرق العربي، ط١، دار الاتحاد العربي للطباعة، القاهرة، ١٩٨١، ص٨٢.

[٣] الشماخي: كتاب السير، ج/١، ص١٠١.

[٤] الشماخي: كتاب السير، ج/١، ص١٠١.

[٥] محمود اسماعيل عبدالرزاق: الخوارج فى بلاد المغرب، ط٢، دار الثقافة، دار البيضاء، ١٩٨٥، ص٢٠٠؛ حنان محمد

چالاکیەکانی ژنانی خەواریج بە جۆرێک بووە بونەتە جێی تێرامانی خەڵک و ژنانی لایەنگری بزوتنەوەی ئیبازی نمونەی باڵا بوون لەنیو کۆمەڵگەکەیاندا و زۆرجار پیاوان ئاواتی ئەوەیان هەبووە ژنەکانیان هاوشیوەی ژنانی ئیبازی بن، چونکە توانیبویان نمونەیەکی جوانی ژنی ڕۆشنبیر پێشکەش بکەن ووشیاریەکی زۆریان هەبووە و هۆکاری ئەوەش ئەوە بووە ژنانی لایەنگری ئەو بزوتنەوەیە پابەندی تەواویان هەبووە بۆخودا پەرستی و بیروباوەڕەکەیان، بۆیە خێزانەکان هەوڵیانداوە کچ و ژنەکانیان ببەنە لای ژنە ئیبازیەکان بۆ ئەوەی سورەتی (النور)[1]یان فێر بکەن وپێیان لەبەر بکەن و لە ژێر دەستی ئەو ژنانە پەروەردە بکرێن [2].

ژنانی ئیبازی لە ئەنجامی وانە و ئامادەکاری بانگەشەکاران تا ڕادەیەک خاوەن وشیاری سیاسی بوون، بەشێوەیەک بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبن لە ماڵی ژنە بەتەمەنەکان کۆبونەوتەوە، ئەم هەنگاوەشیان بۆ خوشاردنەوەیان بووە لە چاودێری پیاوانی عەباسی، هەرچەندە (ابو جعفر المنصور) بە کۆبونەوەی لایەنگرانی ئیبازەی زانیوە لە مالی (سعیدة)ە هاوسەری ژن براکەی، بەڵام لەترسی بڵاوبونەوەی هەواڵەکە و شکانی شکۆی بێ دەنگی بەرانبەر بەم ڕوداوە هەڵبژاردوە[3].

سەرکردە ئیبازیەکان بە بەردەوامی سەردانی ئەو ژنانەیان کردوە و لە ڕوی هزری و ڕێکخراوەییەوە ئامۆژگاریان کردون، ئەو ئامادەکاری هزری و ڕێکخراوەییە هێزی داوەتە ژنانی ئیبازە و توانیویانە بەشدار بن لەو جەنگانەی کە ئیبازیەکان لە قوناغی دواتردا ئەنجامیانداوە، ئەو توانا هزریەی ژنان ڕۆلی ژنان هاندەرێکی باش بووە لە بەشدار بون لە هەڵگیرسانی شۆرش و ئامادەکاریەکانی [4].

یەکێک لە ڕۆڵەکانی ژنانی خەواریج بریتی بووە لە هاندانی کەس و کاریان بۆ شارەزایی لە هونەری جەنگی و بە بەردەوامی هانی پیاوانیان داوە بۆ خەبات کردن لە لەپیناو بیروباوەڕیان، ئەو کاتەی لە نێوان ساڵانی (١٤٠ -١٤٤ک/(٧٥- ٧٦١ ز) دەوڵەتی (ابي الخطاب الجمهوري)[5] لە مەغریبی

---

علی عاشور: دور المراه فی المجتمع الاسلامی خلال عصر العباسي الاول، رسالة ماجستیر، الاشراف: ا.د.علي حسين الشطشاط، جامعة المرقب، كلية الاداب و العلوم، قسم التاريخ، ٢٠٠٧-٢٠٠٨، ص٣٦.

[1] خەواریجە ئیبازیەکان و کۆمەڵگەی عەرەبی ئەو سەردەمە هانی کچان و ژنانیان داوە کە سورەتی نور لەبەر بکەن ئەمەش لەبەر ئەوەی سورەتەکە هانی فێربون و دورکەوتنەوە لە تاوانی داوە و لەگەڵ ئەوەشدا فەرمومودی پێغەمبەری لەسەر بووە هەرچەند هەندیک لە شەعەزانەکان ئەو فەرمودەیەیی پیغەمبەر بە لاواز دەزانن کە فەرمویەتی "پیاوانتان فێری سورەتی مائیدە بکەن و ژنانیشتان فێری سورەتی نور بکەن".(ناصر الدين الالباني: ضعيف الجامع الاصغير و زياده، الحديث: ٣٧٣٩، (ب.ط)، مكتب الاسلامي للنشر، (د.ت)، ص٥٤٦).

[2] الجاحظ: البيان و التبين، ط٧، مكتبة الخانجي للطباعة و والنشر، القاهرة، ١٩٩٨، ج/٢، ص١٨٠.

[3] الشماخي: كتاب السير، ص١٠١؛ هند يوسف السامرائى: دور المراه فی الحركه الخوارج، رساله الماجستير، جامعه التكريت، كليه التربيه، قسم التاريخ، ٢٠٠٥، ص٨٩.

[4] واجدة مجيد عبداللة الاطرنجي: المرأة فی ادب العصر العباسی، ص٨٧.

[5] ناوی (ابو الاعلى بن السمح المعفربی الحميری اليمنی) بووە، سەرکردەی ئیبازیەکان بووە لە مەغریب، پیاوێکی ئازا و لێهاتووە بووە و لە ساڵی ١٤٠ک توانیویەتی دەست بەسەر تەرابلسی مەغریبدا بگرێت و لە ساڵی (١٤١ك/٧٦٣ز) یەوە فەرمانرەوایی هەموو ئەفریقیای کردوە، خەلیفە (ابو جعفر المنصور) پەنجا هەزار جەنگاوەری ناردوە بۆ روبەربونەوەی، لەساڵی ١٤٤ ک کوژراوە و سەری لە لاشەی کراوەتەوە و نیردراوە بۆ بەغداد.(ابن عذاري المراكشي:

عەرەبی دامەزراوە، ژنانی كۆماریی بەهەموو توانایەكیان پشتگیریان كردوە و ئامادەی هەموو قوربانیدانێك بوون لەپیناو بەرگری لە دەوڵەتەكەیان لەو پێناوەشدا هانی هاوسەر و كورەكانیان داوە بچنە مەیدانی جەنگ، ئەو ژنانە پێیان وابوە ئەوانەی شارەزای شێوازی شەڕكردن نەبون و جەنگاوەرنەیین؛ئەوانە مایەی شەرمەزارین[١].

ئەو دەمەی (ابي الخطاب) لە ساڵی١٤٠ك/٧٥٧ز ڕۆشتۆتە شاری قەیرەوانی مەغریب بەهۆی ئەو ناوبانگەی هەیبوە لە دادپەروەریدا، خەڵكی ناوچەكە پیشوازی گەرمیان لێكردوە داوایان لێكردوە لە جەور و ستەمی هۆزی وەرفەجومە[٢] ڕزگاریان بكات، تەنانەت ژنێك نامەیەكی بۆ نوسیوە و داوای لێكردوە بەهانایەوە بچیت، چونكە ئەو هۆزە دەست درێژیان كردۆتە سەر ژنان و وایان لێهاتووە كچەكانیان دەشارنەوە، بۆیە (ابي الخطاب) وتارێكی داوە هانی خەڵكی داوە چیتر ئەو دۆخە قبول نەكەن و بەهانای ئەو ژنانەوە بچن كە ڕوبەروی توندوتیژی دەبنەوە، دواتر ڕوبەروی وەفەرجومەكان بۆتەوە و ناوچەكانی لێ وەرگرتونەتەوە[٣].واتە نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بەڵكو لە ڕۆژئاوای ئیسلامیش ژنان ڕۆڵیان هەبووە.

ژن بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ بەشداری لە ڕوبەڕوبونەوەكانی دەوڵەتی عەباسی و خەواریجەكاندا كردوە، هەندێک جار ڕۆڵی سەركردایەتیان بینیوە لە جەنگەكاندا لە نمونەی ئەو ژنانەش (فارعة بنت طريف ) بووە پێشی وتراوە (ليلى بنت طريف) ئەو ژنە خوشكی (وليد بن طريف) بووە یەكێك لەسەركردەكانی خەواریج لەسەردەمی (هارون الرشيد) لە سالی ١٧٩ك/٨٠١ز كوژراوە [٤].

بزوتنەوەكەی (وليد بن طريف) یەكێک بووە لە ترسناكترین و گەورەترین بزوتنەوەكانی خەواریج و لە سالی ١٧٨ک دژی عەباسیەكان ڕاپەریوە و خەلكێكی زۆر بە ژن و پیاوەوە لە دەوری كۆبونەوەتەوە و پشتگیریان كردوە، هۆكاری ڕاپەڕینەكەشی زۆربونی باج و هەست كردن بە ستەم و زۆر  بۆ سەر خەڵک بووە، بێگومان ژنانیش پشكی ئەو دۆخەیان بەر كەوتووە، لە هەمان كاتدا خودی (وليد)یش ژمارەیەكی زۆری لە دانشتوانی هەرێمی جەزیرە و هەرێمی چیاكانی(نەصیبین و حەلوان)ی كوشتوە و نزیک بۆتەوە لە بەغداد [٥].

---

البيان المغرب، تح: ج.س.كولان و ا.ليفي بروفنسال، ط٣، دار الثقافة، بيروت، ١٩٨٣، ج/١، ص٧٠-٧٢).

[١] محمد علي دبوز: تاريخ المغرب الكبير، (ب.ط)، مؤسسة تاوالت الثقافة، ٢٠١٠، ج/٣، ص٢١٠.

[٢] وەرفەجومە: هۆزێكی بەربەری ئەمازیغی بوون بە دل رەقی و خراپەكاری ناسرابوون ئەم هۆزە دژی دەوڵەتی عەباسی وبزوتنەوەی خەواریج بوون لە مەغریب زۆرجار دالّدەی ئەو كەسانەیان داوە كە لە فەرمانی خەلیفە ئەبو جەعفەری مەنسور هەلهاتون. (ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، تح: خليل شحادة، ط٢، دار الفكر، بيروت، ١٩٨٨، ج/٦، ص١٥٠).

[٣] الدلجيني: الطبقات المشايخ بالمغرب، تح: ابراهيم طلاي، (ب.ط)، (ب.م)، (د.ت)، ج/١، ص٢٦-٢٧؛ النويري: نهاية الارب في فنون الادب، ط١، دار الكتب والوثائق القومية، القاهرة، ١٤٢٣هـ ج/٢٤، ص٧٢-٧٣؛ تاريخ ابي زكريا، ص٦٠.

[٤] الطبري: التاريخ، ج/٤، ص٦٤١.

[٥] ابن الاثير: الكامل، ج/٥، ص٦٣٧؛ محمد عبدالحفيض مناصير: الجيش في العصر العباسي الاول، ط١، دار المجدلاوي للنشر، عمان، ٢٠٠٠، ص٥٠٤-٥٠٥.

(هارون ڕشيد) بۆ کۆتایی هێنان بە جوڵانەوەکەی (وليد بن طريف)[١]، (يزيد بن مزيد الشيباني) ناردۆتە سەری و بە بەکارهێنانی فێڵ (وليد) و ژمارەیەک لە هەوادارانی کوشتووە تەنانەت سەری لە لاشەی کردۆتەوە[٢]، (ليلى کچی طريف) دوای کوژرانی براکەی ڕاستەوخۆ بەشداری جەنگەکەی کردوە و لە بری براکەی فەرماندەیی سەربازەکانی کردوە، (ليلى) لە کاتی چونی بۆ ناو مەیدانی جەنگەکە پارێزبەندی بەستوە و خۆی ئاشکرا کردوە، دواتر (يزيد بن مزيد الشيباني) ڕمێکی ئاراستەی ئەسپەکەی کردوە و خستویەتی و پێی وتوە"دور بکەوەرەوە خودا لەناوت ببات، تۆ مایەی شەرمی بۆ هەوادارانت"[٣].بۆیە (ليلى بنت طريف) شەرم دایگرتوە و ڕۆشتووە.

(ليلى) دوای شکستی خەواریج لە مەیدانی جەنگ و کوژرانی براکەی هەستی بە نا ئومێدی کردوە و تەنانەت دوای بە جێهێشتنی مەیدانی جەنگ چەند دێڕە هۆنراوەیەکی بۆ کۆژرانی براکەی وتوە، تیایدا گلەیی لەو ستەمە کردوە کە لە براکەی کراوە لەو بارەیەوە لەیلا وتویەتی:

فيا شجر الخابورِ مالـكَ مورقا.. كأنك لم تحزنْ على ابن طريف
فتى لا يحب الزادَ إلا من التقى ولا المـالَ إلا من قنـاً وسيوف
ولا الذخر إلا كلَّ جرداء صلـدمٍ مُعـاوِدةٍ للكرتين صفـوف[٤]

هەڵویستی سیاسی (ليلى بنت طريف) وەک ژنە خەواریجێک لە ڕوبەڕوبونەوەی دەسەڵاتی هارونە ڕەشید و قوربانی دانی لە پێناو سەرخستنی بزوتنەوەکەی تەنانەت هاوتایی ژن و پیاو لە مەیدانی سیاسی و سەربازی و ئاماژەیە بۆ ئازایەتی قوربانیدانی ژنانی خەواریج لە ڕوبەڕوبونەوەی دەسەڵاتی عەباسی[٥].

[١] ناوی (وليد ابن طريف الشيباني)یە و یەکێک بووە لە سەرکردە دیارەکانی خەواریج کەسێکی توند و لیهاتووە بووە و لەسەردەمی هارونە ڕەشدی لە ناوچەی شەماسیەی نزیک بەغداد بووە، بە بەردەوامی شکۆی لەناو خالکدا زیادی کردوە و لە بەهێزیدا بووە لە لایەن یەزیدی کوڕی مەزیدەوە کوژراوە.( الاصفهاني: الاغاني، تح: د.احسان عباس و اخرون، ط٣، دار الصادر، بيروت، ٢٠٠٨، ج/١٢، ص٦٤).

[٢] الاصفهاني: الاغانى، ج/١٢، ص٦٤ -٦٥؛ابن الاثير: الكامل، ج/٥، ص٣٠٣.

[٣] ابن خلكان: وفيات الاعيان، تح/احسان عباس، (ب.ط)، دار الصـادر، بـيروت، ١٩٠٠، ج/٦، ص٣٣؛الاصـفهاني: الاغـانى، ج/١٢، ص٦٥؛ الزركلي: الاعلام، ط١٥، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٩٦، ج/٨، ص١٢٠.

[٤] ابن كثير: البدايةو النهاية، ط٥، دار المعرفة، بيروت، ١٩٩٩، ج/١٠، ص٦٠٠؛ ابن تغري: النجوم الزاهرة، (ب.ط)، منشورات وزارة الثقافة و الارشاد القومي- دار الكتب، مصر، ١٩٦٣، ج/٢، ص٩٥.

[٥] عبداللة العفيفي:المراة العربيه فى جاهليتها واسلامها، ط١، مكتبة الثقافة للنشر،مدينة المنورة، ١٩٣٠، ج/٢، ص١٢٤.

## تەوەری دووەم:

## ڕۆڵی ژن له ململانێی نێوان عەباسیەکان و عەلەویەکان:

دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عەباسی عەلەوەیەکان کەوتنە داواکاری بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و هەر زوو ململانێ لە نیوان عەباسیەکان و عەلەویەکاندا دروست بووە و دەسەڵاتی عەباسی بە ڕێگەی سیاسی و سەربازی هەوڵی داوە لەناویان ببات.

لەساڵی ١٤٢ک/٧٦٤ز بەهۆی ئەوەی سوپاسالاری تەبەرستان پەیمانەکەی لەگەل خەلیفە (ابو جعفر المنصور) دا نەبردۆتە سەر و ژمارەیەک موسڵمانی کوشتوە، (ابو جعفر المنصور) سوپایەکی بۆ ناوچەکە ناردوە و دوای ماوەیەک توانیویانە بچنە ژوورەوەی قەلاکەی و ژن و مندالەکانیان وەک دەسکەوتی جەنگ بردوە و دوو لەو ژنانەش بریتی بوون لە (بحترية)دایکی(منصور بن مهدي) و (شكلة)ی دایکی (ابراهيم بن مهدي) بوون[١]. لە سالی ١٤٥ک/٧٦٧ز (محمد بن عبدالله) کە ناسراوە بە (محمد النفس الزكية) لە بنەماڵەی عەلەویەکان دژی خەلافەتی (ابو جعفر المنصور) لەمەدینە دەرکەوت و دژی خەلافەتی عەباسی کەتوتۆتە جوڵە کردن، چونکە بە وتەی (محمد بن عبدالله) ئەو شەوەی ڕاوێژ بە هاشمیەکان کراوە لە ئەگەری لەناو چونی (مروان بن محمد)، (ابو جعفر المنصور) یەکێک بووە لەو کەسانەی بەیعەتی بە (محمد بن عبدالله ) داوە تا ببێتە خەلیفە، بەڵام دواتر پەشیمان بۆتەوە لەو بەڵێنەی لە مەککە بە بنەماڵەی هەشمیەکانیان دابوو[٢] .

(محمد بن عبدالله) لە دەوروبەری ساڵی (١٥٠ك/٧٧٢ز) لەسەر گوێدرێژێک لە مەدینە دەرکەوتووە و هەوادارەکانی لێیی کۆبونەتەوە پاشان توانیویەتی هەموو دەستگیرکراوەکانی بەندیخانەی ئازاد بکات ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە خۆی کۆبکاتەوە، (محمد بن عبدالله) ڕۆشتۆتە ناو ئەو خانوەی پێشتر(عاتكة بنت يزيد)[٣] خاوەنی بووە، لەوێوە یەکەم وتاری بۆ هەوادارەکانی داوە و فەرمانی کردوە (رياح بن عثمان الحياني) والی عباسیەکان دەستگیر بکەن و هەوادارەکانی ڕۆشتونەتە ژوورەوە و (رياح) و برایەکی و ژنە کەنیزەکەکیان خستۆتە بەندیخانەوە[٤].

یەکێک لە هۆکارەکانی ناکۆکی نێوان (محمد بن عبدالله ) و (ابو جعفر المنصور) بریتی بووە لە مەسەلەی ڕەچەڵەک و ڕەوایەتی وەرگرتنی خەلافەت، م(حمد بن عبدالله ) نامەی بۆ (ابو جعفر المنصور) ناردوە و ئاماژەی بۆ ڕەوایەتی وەرگرتنی خەلافەت کردوە، چونکە ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە

---

[١] الطبري: التاريخ، ج/٤، ص٤٠٠؛ النويري: نهاية الارب، ج/٢٢، ص٨٦؛ ابن الكثير: البدايةو النهاية، ج/١٠، ص٤٩٥.

[٢] ابن الجوزي: المنتظم، ج/٨، ص٤٤.

[٣] (عاتكه بنت يزيد بن معاويه بن ابو سفيان) بووە و دایکی ناوی (ام كلثوم بنت عبدالله) بووە، هاوسەری (عبدالملك بن مروان) بووە پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵ دوانزە خەلیفەی ئومەویەی هەبووە و خاوەن رای سیاسی بووە و هەولی داوە ڕێگی بکات لە عەبدول مەلیکی کوڕی مەروان بۆ ئەوەی روبەروی (عبدالله بن زبير) نەبێتەوە. (ابن عساكر: تاريخ مدينة دمشق، تح: عمرو ابن غرامة العمروي، ط١، دار الفكر، بيروت، ١٩٩٨، ج/٦٩، ص٢٤٥-٢٤٦؛القلقشندي: صبح الاعشى في الصناعة الانشاء، ب.ط، دار الكتب العلمية، بيروت، (د.ت)، ج/١، ص٥٠١).

[٤] البلاذري: انساب الاشراف، تح: سهيل زكار و رياض الزركلي، ط١، دار الفكر، بيروت، ١٩٩٦، ج/٣، ص٩٢؛الطبري: التاريخ، ج/٤، ص٤٢٣.

سەر خانەوادەی پێغەمبەر (د.خ) لە ڕێگەی (فاطمه)ی هاوسەری علي بن ابي طالب) و (خديجه)ی دایکیەوە، (ابو جعفر المنصور)یش لۆمەی (محمد)ی کردوە لەسەر شانازی کردن بە نزیکایەتی پێغەمبەر لە ڕێگەی ژنانەوە بۆ دروست کردنی پەشێوی، کە ئەمە جورێک بووە لە بە کەم سەیری کردنی ژنان لە لایەن (ابو جعفر المنصور)، بەتایبەت ئەو دوو ژنەی محمد بن عبدالله) ئاماژەی پێکردون لە خانەوادەی پێغەمبەری ئیسلامن[١].

لە سەردەمی یەکەمی عەباسی بەهۆی زۆر بونی نەیاری لە ناوخۆ و دەرەوەدا عەباسیەکان پەنایان بردۆتە بەر بەکارهێنانی ژنان بۆ دەسکەوتنی زانیاری لەسەر نەیارەکانیان، لەسەردەمی عەباسیەکان ژنان بۆ کاروباری سیخوری لەشێوەی بازرگان و گەشتیار و پزیشک و ....هتد نێردراونەتە هەرێمەکان لە نێوەیشیاندا ئەو هەرێمانەی عەلەویەکان بەهێز بوون، بۆ ئەوەی زانیاری جەنگی و پلانی دوژمنان و ئامانجەکانی داهاتویان کۆبکەنەوە و ئاراستەی ناوەندی دەسەلاتی بکەن، لەهەمانکاتدا عەباسیەکن ئەو زانیاریانەیان بە زانیاری دیکەی کە لەسەرچاوەی تایبەتەوە بە دەست گەیشتوە و بەراورد کردوە تا بە راست و دروستی هەواڵەکان بگەن[٢].

تەنانەت هەندێک لە ژنان ئەشکەنجە دراون لە پیناو درکاندنی زانیاری لەسەر نەیارانی دەوڵەتی عەباسی، (ابو جعفر المنصور) ئەشکجەی کەنیزەکێکی داوە بۆ ئەوەی شوێنی (محمد بن عبداالله)ی بۆ بدرکێنێت سەرەتا ژنە کەنیزەکە ئامادە نەبووە شوینی (محمدی بن عبيدالله) ئاشکرا بکات، بەڵام دواتر بەهۆی ئازاردانی زۆر و بەکارهێنانی فێڵ توانیویەتی ڕازی بکات و کەنیزەکەکە شوێنی (محمد بن عبدالله)ی ئاشکرا کردوە [٣].

خانمێکی دیکە( هند بنت ابي عبيدالله) بووە، ژنیکی خاوەن ڕا بووە لەنێو خێزانەکەی و دایکی (محمد ) و(ابراهيم)ی کوڕانی (عبدالله) بووە، بەهۆی ئەوەی پێشتر هاوسەری (عبدالله بن عبدالملك بن مروان) بووە ئاگاداری بارودۆخی سیاسی بووە، بۆیە لە بزوتنەوەکەی (محمد)ی کوڕیدا ڕۆڵی هەبووە و پیشتریش دوو برای کوژرا بوون[٤].

دوای ئەوەی (ابو جعفر المنصور) بێ هیوا بووە لە دەستگیر کردنی (محمد )و (ابراهيم)ی کوڕانی (عبدالله)، نەوەکانی دیکەی ئیمامی (علي بن ابي طالب) خستۆتە بەندیخانەوە، (محمد بن عبدالله) بە شەو ڕۆشتۆتە لای (هند بنت ابی عبيدالله)ی دایکی و ڕاوێژی پێکردوە بۆ ئاشتەوای لەگەڵ (ابو جعفر المنصور)، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو پێشنیارە (هند) بە نهێنی و ڕوخساری داپۆشراوەوە سەردانی بەندیخانەی کردوە و چاوی بە (عبدالله)ی هاوسەری کەوتوە نیازی (محمد)ی پێگەیاندوە، بەڵام (عبدالله) پیشنیارەکەی ڕەت کردۆتەوە و داوای ئارام گرتنی لە (محمد) کردوە و

[١] بۆ دەقی نامەکانی نێوان (محمد) و (ابو جعفر المنصور) بروانە: ( المبرد: الكامل في اللغة و الادب، ج/٢، ص٩٣؛ ابن الجوزي: المنتظم، ج/٨، ص٦٥؛ البلاذري: انساب الاشراف، ج/٣، ص٩٨.)

[٢] د.محمد ابراهيم الاصيبعي: الشرطة في النظم الاسلامية، (ب.ط)، مكتب العربي الحديث، الاسكندرية، (د.ت)، ص١٧٦.

[٣] البيهقي: المحاسن و المساوئ، تح: محمد ابو الفضل ابراهيم(ب.ط)، دار المعارف، القاهرة، (د.ت)، ج/١، ١٤٠-١٤١؛صلاح الدين المنجد: بين الخلفاء و الخلعاء، دار الحياه، بيروت، ١٩٥٧، ص٨٩-٩٠.

[٤] زبير بن بكار: جمهرة نسب قريش و اخبارها، تح/محمود محمد شاكر، (ب.ط)، مطبعة المدني، (د.ت)، ص٥٠٣-٥٠٥.

(هند)یش ڕای هاوسەرەکەی بۆ (محمد) ی کوڕی گەڕاندۆتەوە[١].بەم شێوەیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە چارەنوسی بەردەوامی و کۆتایی پێهاتنی بزوتنەوەکە لە دەست (هند بنت ابي عبيدالله) دا بووە و لە هەموو ڕویەکەوە جیگەی باوەڕیان بووە.

ئەوکاتەی (ابو جعفر المنصور)سوپایەکی ناردۆتە سەر مەدینە بۆ سەرکوت کردنی جوڵانەوەکەی (محمد بن عبدالله) سەرەتا سوپاکەی داوایان لێکردوە لەبەرانبەر بەیعەتدانی بە خەلیفەی عەباسی گرەتنی پاراستنی ژیانی خۆی و ئازاد کردنی ئەو ئەندامانی خیزانەکەی دەدەن کە لە بەندیخانەدان، بەڵام ڕازی نەبووە، لەسەرەتای روبەروبونەوەکاندا بەهێزی سوپای عەباسیەکان بەڕونی دیار بووە ژنێکی لایەنگری عەلەوی هەستی  بە مەترسی دۆخەکە کردوە، بۆیە ئەوکاتەی (محمد بن عبدالله) رۆشتۆتە مزگەوت بۆ پشودان (ربيحة بنت ابي شاكر القرشي) ئاوی پێداوە و دواتر پێشنیاری بۆ کردوە کە خۆی ڕزگار بکات و لەمەدینە دربچێت، بەلام ڕەتی کردۆتەوە[٢].بەسەرنجدان بە کۆتایی شەڕەکە بە بۆچونی توێژەر ئەم ژنە توانا و درکی ئەوەی هەبووە هەڵنجاندن بکات بۆ دۆخەکە و ئەنجامەکەی لە کاتێکدا سەرکردەکە سور بووە لەسەر مانەوە.

ژنان تەنها لە بزوتنەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتی عەباسی بەشدار نەبوون، بەڵکو لەدژی ئەو ڕاپەرینانەش وەستاونەتەوە کە دژی دەسەڵاتی بنەماڵەی دەوڵەتی عەباسی ئەنجام دراون، ژنان بەشداربوون لە دژایەتی ئەو بزوتنەوانەی لە سەردەمی خەلیفە ئەبو جەعفەری مەنسوردا ڕویانداوە، نمونەی ئەو ژنانە (اسماء بنت عبداالله بن عبيدالله)بووە، ئەو دەمەی (محمد بن عبدالله) ڕاپەرینی دژی خەلیفە (ابو جعفر المنصور) ڕاگەیاندوە، (اسماء) بە بەکارهێنانی فێڵ توانیویەتی هاوکاری (ابو جعفر المنصور) بێت لە لە ناوبردنی ڕاپەڕینەکە، لەکاتی ڕوبەروبونەوەی نێوان شۆڕشگێڕان وسەربازەکانی خەلیفە (ابو جعفر المنصور)دا لە مەدینە، اسماء بەهاوکاری حزمەتکارەکەی سەرپۆشە ڕەشەکەی لە مزگەوتیک هەڵکردوە وەک ئاماژەیەک بۆ سەرکەوتنی عەباسیەکان، جەنگاوەرەکانی (محمد بن عبدالله) هەر کە ئاڵا ڕەشەکەیان بینیوە هەڵهاتوون و (محمد بن عبدالله)یان بە تەنها بەجێهێشتووە، بەڵام (محمد بن عبدالله) لە شەڕ کردن بەردەوام تا کوژراوە[٣].

لەدوای کوشتنی (محمد بن عبدالله) یەکەم کاردانەوەی عەلەوییەکان لە لایەن (زينب بنت عبدالله)ی خوشکی (محمد) بووە وبە کەسێکدا نامەی بۆ (عيسى بن موسى) فەرمانداری (ابو جعفر المنصور) ناردوە و نوسیویەتی"ئیوە ئەوتان کوشت و تۆڵەی خۆتان سەندەوە، باشترە ڕێگەمان پێبدەن تا بە خاکی بسپێرین"[٤] عیسی)ش سەرەرای ئەوەی پۆزشی بۆ هێناوتەوە بەوەی فەرمانی بە کوشتنی

[١] سبط ابن الجوزي: مراة الزمان، تح: انور طالب و اخرون، ط١، دار الرسالة العالمية، بيروت-دمشق، ٢٠١٣، ج/١٢، ص١٢١؛ الاصفهاني: مقاتل الطالبين، تح/سيد احمد الصقر، (ب.ط)، دار احياء الكتب العربية، القاهرة .١٩٤٩، ص١٧٦.

[٢] الطبري: التاريخ، ج/٤، ص٤٤٤.

[٣] اليعقوبي: تاريخ اليعقوبي تح: عبدالامير مهنا، ط١، شركة الاعلمي للمطبوعات، بيروت، ٢٠١٠، ج/٢، ص٣١٥، الطبري: التاريخ، ج/٤، ص٤٤٥.

[٤] الطبري: التاريخ، ج/٤، ص٤٤٩؛ ابن الاثير، الكامل، ج/٥، ص١٦١.

نەکردوە و ئاگاداریش نەبوە، لەگەل ئەوەشدا ڕێگەی پێداون لە گوڕستانی (البقیع) بینێژن[١].واتە لە هەموو کایەکانی ئەم شۆڕشە ژن ئامادەگی کارریگەری هەبووە لە هەردوو بەرەکەوە.

ئەو دەمەی ابراهیمی بن عبدالله) ناسراو بە (ابراهیم نفس الزکیة) ڕۆشتۆتە نزیک کوفە ولەگەڵ سوپای عەباسیەکان ڕوبەڕوبۆتەوە، سەرکەوتن لەدوای سەرکەوتنی تۆمار کردوە بەشێوەیەک وای لە (ابو جعفر المنصور) کردوە شەوان خەوی لێ نەکەوێت. دواجار بۆ وەرگرتنی زانیاری دوو ژنی ناردۆتە لای (ابراهیم) کە هەریەک لە (فاطمة بنت محمد الطلیحي) و(ام کریم بنت عبدالله) بوون، بەڵام (ابراهیم) هەردوکیانی گەڕاندەوە بۆ بەغداد هیچ شتێکی بۆ ئەو دوو ژنە ئاشکرا نەکردوە[٢].

یەکێک لەهۆکارەکانی دروستبونی ململانێی نێوان عەلەویەکان و عەباسیەکان مەسەلەی پرۆسەی هاوسەرگیری بووە زۆر جار هاوسەرگیری عەلەویەکان لەگەل ژنانی عەباسی بۆتە هۆی دروست بونی ئالۆزی لەنێوانیان لەساڵی (١٧٠ک/٧٨٦ز) (علی بن حسین) ناسراو بە (الجزري) لە بنەماڵەی عەلەوی، بەهۆی هاوسەرگیری لەگەڵ (رقیة بنت عمرو) کە پێشتر هاوسەری خەلیفە مەهدی بووە بۆتە هۆی تورەکردنی خەلیفە هادی(١٦٩ك-١٧٠ك) و بە (علي کوڕی حسین)ی وتوە"چاوەکانت ژنی دیکەی نەبینی هاوسەری پێشوی ئەمیری ئیمانداران نەبێت"[٣]، بۆیە لەسەر فەرمانی خەلیفە هادی پێنج سەد قامچی لێدراوە، بەڵام (علي کوڕی حسین) سور بووە و لە (رقیە)ی هاوسەری جیا نەبۆتەوە[٤].پێمان وایە ئەم نیگەرانیەی خەلیفە هادی زیاتر رەهەندی سیاسی هەبووە بەهۆی ئەوەی ئەم هاوسەرگیریە پەیوەندی بە کەسێکەوە هەبووە کە داوای خیلافەتی کردوە و خۆی بەشایەنی دەسەڵات زانیوە. لە لایەکی دیکەوە دەوڵەتی ئەداریسە یەکێک بووە لەو دەوڵەتە سەربەخۆییانەی کە دژی دەوڵەتی عەباسی بوون و شۆڕشی ناوخۆییان دژی عەباسیەکان ئەنجام داوە، دواجار توانیویانە لەناوچەی مەغریب دەوڵەتی ئەداریسە دابمەزرینن دوای مردنی (ادریس بن عبدالله) بارودۆخی ولاتەکەی تێک چووە بەهۆی ئەوەی کوڕی نەبووە ببێتە جێنشینی تەنها ئەوە نەبیت (کنزە)ی هاوسەری دووگیان بووە، بۆیە (کنزە) دوای لەدایکبونی کورکەی پەروەردەی کردوە تائەوکاتەی (ادریس الثاني) لەساڵی ١٨٧ك/٨٠٩ز لە تەمەنی یانزە ساڵیدا بووەتە جێگرەوەی باوکی[٥].

(کنزە الاوربیة) هاوسەری (ادریس بن عبدالله)) لە قوناغی دواتردا ڕۆڵی سیاسی بەرچاوی بینیوە و تەنانەت لەسەردەمی فەرمانڕەوایی (محمد بن ادریس)ی دووەمدا (٢١٣-٢٢١ك/٨٣٥ز-٨٤٣ز) لەسەر پیشنیاری (کنزة)ی داپیری دەوڵەتی لەنێوان براکانی بەش کردوە و هەشتیان بوون بە فەرمان ڕەوا و ئەو کوڕانەشی کە تەمەنیان بچوک بووە لەژێر چاودیری (کنزة)دا بوون[٦].

---

[١] الطبري: التاريخ، ج/٤، ص٤٤٩؛ ابن الاثير، الكامل، ج/٥، ص١٦١.
[٢] اليعقوبي: تاريخ العقوبي، ج/٢، ص٣١٨؛محمد زنيبر: الدولة الاسلامية فى الظل الخلافة العباسية، (ب.ط)، دار النشر المغربية، دار البيضاء، ١٩٨٥، ص٦٩.
[٣] الطبري: التاريخ، ج/٤، ص٦١٢.
[٤] البيهقي: المحاسن و المساوئ، ص٢٠٧.
[٥] ابن عذاري المراكشي: البيان المغرب، تح: ج.س.كولان و ا.ليفي بروفنسال، ط٣، دار الثقافة، بيروت، ١٩٨٣، ج/١، ص٢١٠؛ ابن الوردي: تاريخ ابن الوردي، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٦، ج/١، ص١٩٤.
[٦] ابن عذاري: بيان المغرب، ج/١، ص٢١١؛احمد بن خالد الناصري: الاستقصا لأخبار دول المغرب الاقصى، تح: جعفر

## تەوەری سێیەم:

## هەڵوێستی ژنان لە ململانێی نێوان عەباسیەکان و بەرمەکی و زەندەقەدا:

له ململانێی نیوان خەلیفه (هارون الرشید) و بەرمەکیەکان هەندێک جار ژنان ڕۆڵی فریاد رەسیان بینیوه و توانیویانه سەرکرده بەرمەکیەکان له کوشتن ڕزگار بکەن، ئەمه جگه لەوەی ژنان خۆیان یەکێک بوون له هۆکارەکانی کەوتنی بنەماڵەی بەرمەکی و لەناوچونیان، ئەوکاتەی خەلیفه (هارون الرشید) پەیوەندیەکانی لەگەڵ بەرمیەکان تێک چووه سەرداری موسڵی ناردۆته لای (منصور بن زیاد) و داوای لێکردوه تا خورئاوابون بڕی ده هەزار دیناری بۆ بنێرێت یان به کوژراوی بیهێنتەوە، (منصور) ئەوەپارەیەی پێ دابین نەکراوه و پەنای بردۆته بەر(يحيى بن خالد البرمكي)، لەسەر داوای (يحيى) کەنیزەکەکانی هەرچی پاره و خشڵی گرانبەهیان هەبووه داویانه به منصور تا خۆی پێ رزگار بکات تەنانەت (دنانیر)[1]ی کەنیزەکی (یەحیی) ئەو خشله گرانبەهایەی پیشتر ئەمیری ئیمانداران پێی دابوو بەخشیه (منصور بن زیاد )لەپێناو رزگاربونی له تورەیی خەلیفه (هارون)[2].

(عتابه)ی[3] هاوسەری (یەحیی)ی بەرمەکی و دایکی (جعفر)ی بەرمەکی یەکێک لەو ژنانه بووه که لای خەلیفه (هارون الرشید) ڕێزی زۆری لێگیراوه وتەنانەت به دایکه بانگی کردوه، چونکه لەگەڵ (جعفر)ی کوڕی شیری پێداوه و گەورەی کردوه، بۆیه گوێ له بیروڕاکانی گیراوه لەکاتی ئاڵۆز بونی پەیوەندیەکانی نێوان خەلیفه (هارون الرشید) و بەرمەکیەکان (عتابه) هەولی داوه نێوەندگیری بکات و خەلیفه ڕازی بکات تا لێیان خۆش بێت، سەرەڕای ئەوەی لەلایەن خەلیفه (هارون)ەوە رێزلێگیراو بووه، بەڵام سەرکەوتوو نەبووه له ڕازی کردنی خەلیفه بۆ لێخوش بوون له کوڕ و هاوسەرەکەی[4].

یەکێک له هۆکارەکانی تێکچونی پەیوەندی نێوان بەرمەکیەکان و خەلیفه (هارون رەشید) پەیوەندی نێوان (عباسه بنت مهدي)ی خوشیکی خەلیفه (هارون الرشید) لەگەڵ (جعفر بن يحيى البرمكي) بووه و ئەم ڕوداوه خەلیفەی نێگەران کردوه، (عباسه) و (جعفر)ی بەرمەکی بەهۆی پەیوەندی سۆزداری نێوانیان منداڵێکیان هەبووه بەهۆی ترسیان له خەلیفه (هارون الرشید) به نهێنی

---

الناصري و محمد الناصري، ( ب.ط)، دار الكتاب، دار البيضاء، ١٩٩٧، ج/١، ص٢٢٨.

[1] دنانیر: کەنیزەکی پیاوێکی خەلکی مەدینه بووە، یەکێک بووه له جوانترین ژنەکانی سەردەمی خۆی، خاوەن بەهرەی گۆرانی و هۆنراوه بووه کتێبیکی هەبووه بەناوی (المجرد فى الاغاني) یەحیای کوڕی بەرمەک زۆر خۆشی ویستوه و کڕیویەتی تەنانەت ئەوکاتەی دەنانیر نەخوش کەوتووه یەحیای بەرمەکی هەموو رۆژێکی مانگی رمەزان هەزار دیناری بۆ بەخشیوەته هەژاران . (الصفدي: الوفي بالوفيات، تح: احمد الارنؤوط و تركي مصطفى، ط١، دار احياء و التراث العربي، بيروت، ٢٠٠٠، ج/١٤، ص٢١.)

[2] سبط ابن الجوزي: مراة الزمان، ج/١٣، ص١٤١-١٤٢؛ ابن حمدون: التذكرة الحمدونية، ط١، دار الصادر، بيروت، ١٤١٧هـ ج/٢، ص١٩١.

[3] (عتابه) یان فاتیمه کچی یەحیای بەرمەکیه ودایکی جەعفەری بەرمەکیه ژنێکی خاوەن رابووە و لەلایەن خەلکه و دەسەلاتەوە ۆر رێزی لێگیراوە و خودی هارونه رەشید زۆر رێزی لێگرتووە و راویژی پێکردوە و له رەققه کۆچی دوایی کردوه و لەویش مەزرگەی بۆ دروست کراوه. (عمر رضا كحالة: اعلام النساءفي العالمي العرب و الاسلام، ب.ط، مؤسسة الرسالة، بيروت، (ب.ت)، ج/١، ص١٩٦-٩٨).

[4] عمر رضا محالة، اعلام النساء، ج/١، ص١٩٨.

ناردویانە بۆ مەککە بۆ لای یەکێک لە ژنە بەخیوکەرەکانیان، ئەم ڕوداوە زۆر بە نهێنی نەماوەتەوە پاش بەشەڕ هاتنی (عباسە) لەگەڵ یەکێک لە کەنیزەکەکانی کۆشک کەنیزەکە ئەم نهێنیە و شوێنی منداڵەکەی بۆ خەلیفە (هارون الرشید) ئاشکرا کردوە، بەم هۆیەوە پەیوەندیەکانی (هارون الرشید) لەگەڵ بەرمەکیەکان ئاڵۆزتر بووە و تا وای لێهاتووە بە دەستی ئاسنین ڕوبەرویان بۆتەوە و لە دەسەڵات دوری خەستونەتەوە و تەفروتونای کردون[١].

خەلیفە (هارون) دوای کوشتنی (یحیى البرمكي) فشاری لە (دنانیر)ی کەنیزەکی (یحیى) کردوە گۆرانی بۆ بڵێت، بەڵام (دنانیر) ئەوەی ڕەت کردۆتەوە بە خەلیفەی وتووە"من بەڵێنم داوە دوای گەورەم هەرگیز گۆرانی ناڵێم"[٢]، ئەم وتەیە (هارون الرشید)ی تورە کردوە و فەرمانی کردوە لێێ بدرێت و دواتر بە ناچاری و بەچاوی پڕ فرمیسکەوە گۆرانی وتوە[٣].

بنەماڵەی بەرمەکیەکان دوای ڕاوەدونان و دورکەوتنەوەیان لە کۆشکی عەباسی دۆخی ژیانیان زۆر ئاڵۆز بووە بەشێوەیەک پرسیار لە (عتابە)ی دایکی (جعفر بن یەحیی) کراوە دەربارەی دۆخی ژیانیان کە ڕۆژی جەژندا لە کوفە بووە لە وەڵامدا وتویەتی" ڕۆژانیک هەبووە سەدان خزمەتکار لەسەر سەرم وەستاون جل و بەرگ و خشلی هیچ کامیان لەوی تر نەچوە، کەچی ئێستا ئەمبینی ئارەزوی خواردنی گۆشت دەکەم و ناتوانم بیکرم"[٤].

لەساڵی ١٦١ک/٧٨٣ز خەلیفە (المهدي) سوپایەکی ناردە سەر زەندیقەکان کە بەسەرۆکایەتی(مقنع الفارسي) بەرهەڵسی دەسەڵاتی عەباسیەکانیان کردبوو، دوای چەند ڕوبەروبونەوەیەک و شکستی زەندیقەکان، لایەنگرانی (مقنع) لە حەشارگەیەک خۆیان شاردبووە دواجار سوپای عەباسیەکان بە سەرۆکایەتی(سعيد الحرشي) گەماروکەیان توند کردبووەوە لەسەر قەڵاکەی (مقنع)، بۆیە دواجار (مقنع) و هەرچی ژن بووە لە گەڵیدا بون خۆیان ژەهر خوارد کرد بۆ ئەوەی بە دیلی نەکەونە دەستی سوپاکەی خەلیفە (المهدي)، وتراویشە (مقنع) وئەو ژنانەی لەگەڵیدابون خۆیان خستۆتە ناو ئاگرێکەوە کاتێک سوپای عەباسی ڕۆشتونەتە ناو قەلاکەوە تەنانەت یەک کەسی تێدا نەماوە[٥].

ژنان جگە لەوەی ڕۆڵیان هەبووە لە ڕوداوەکاندا لەگەڵ ئەوەشدا لەکاتی ململانێ سیاسی و سەربازیەکاکاندا توشی نارەحەتی وستەم بونەتەوە و لەو بوارەشدا لەسەردەمی عەباسیەکان هەندیک جار ژنان بونەتە قوربانی ململانێی نێوان دەوڵەتی عەباسی و فیرەقە ئۆپۆزسیونەکان، لەساڵی ١٦٩ك-٨٨٦ز خەلیفە (المهدي) بڕیاریداوە روبەروی زەندیقەکان ببێتەوە و بیانکوژێت،

---

[١] الطبري: التاريخ، ج/٤، ص٦٦٠-٦٦١؛ بنت البطوطة: من التاريخ هارون الرشيد و البرامكة، تر: ا.د.ق، ب.ط، مطبعة حلبي منهور، القاهرة، ١٩٤٤، ص١٣٢-١٣٣.

[٢] الصفدي: الوافي بالوفيات، ج/١٤، ص٢٢.

[٣] عبداللة العفيفي: المراة العربيه فى جاهليتها و اسلامها، ج/٣، ص٢٩.

[٤] الجهشياري: الوزراء و الكتاب، تح: مصطفى السقا و اخرون، ط١، مطبعة مصطفى الحلبي البابي و اولاده، القاهرة، ١٩٣٨، ص٢٤١.

[٥] ابن الاثير: الكامل ج/٥، ص٢٣٨؛ ابن خلكان: وفيات الاعيان، ج/٣، ص٢٦٤.

یەکێک لەو سەرکردانەی زەندیقەکان ناوی (يعقوب بن فضل) بووە لەلایەن عەباسیەکانەوە کوژراوە، دواتر لەسەر وەسێتی خەلیفە مەهدی خەلیفە (موسى الهادي) لە دژایەتیان بەردەوام بووە، دوای کوژرانی (يعقوب) هاوسەر و منداڵەکانی براونەتە لای خەلیفە هادی، دوای ئەوەی لە لایەن (ريطه بنت ابو عباس) لێپرسینەوەی لەگەڵدا کراوە (فاطمه بنت يعقوب) بەڕادەیەک ترسیندراوە بەهۆی ترس و تۆقاندنیەوە گیانی لەدەست داوە[١].

## تەوەری چوارەم:

## رۆلی ژن لە بواری سیخوری و نێوەندگیری نێوان عەباسیەکان و نەیارەکانیدا:

بەهۆی گۆڕانکاریە خێرا سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی سەردەمی عەباسیەکان ئەبو جەعفەری مەنسور پشتی بەهەندیک لە ژنان بەستوە بۆ ئەوەی لە بارودۆخە سیاسیەکان ئاگاداری بکەنەوە و لە ڕێگەیانەوە بتوانی دۆست و دوژمنی خۆی بناسیت و کەسانی ئاژاوەگێڕ لە کەسانی بێ کێشە جیابکاتەوە، یەکێک لەو ژنانەی (ابو جعفر المنصور) پشتی پی بەستوە (زينب بنت سلمان) بووە، (زينب بنت سلمان) لەسەردەمی خەلیفە (المهدي) دا ڕێزێکی زۆری لی گیراوە و هاوشان بە (خيزران)ی هاوسەری خەلیفە دانشتەکانی خەلیفە ئامادە بووە و لەلایەن خەلیفە (المهدي)ەوە راوبۆچونیان وەرگیراوە بۆ کاروبارەکانی تایبەت بە بەڕێوبەردنی کاروباری دەوڵەت، ژنان لە دانشتەکانی خەلیفە (المهدي) لەسەروی هەموو ئامادە بوانە جێگەیان بۆ دانراوە[٢].

جۆريك لە سیاسەتەکانی عەباسیەکان لە سەرەتای دەولەتەکەیان بریتی بووە لە بەکارهێنانی ژنان بۆ کاری سیخوری ئاگادار بوون لە جۆڵانەوەکانی ئۆپۆزسیۆنەکان، عەباسیەکان ئەو ژنانەیان بەکارهێناوە بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەو نەیارانەی لە دەرەوەی ناوچەکانیان بوون کەنیزەکەکانیان ئامادە کردوە و وبۆ کاری سیخوڕی ناردویانە بۆ ئەوەی زانیاریان هەبێت لەسەر نەیار و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان و هەنگاوەکانیان ئاشکرا بکەن [٣]، خودی بۆ دەستکەوتنی زانیاری لەسەر رکابەرەکانی سیخوڕەکانی ناردۆتە حیجاز بەناوی سوالکردن و کاری بازرگانیەوە تێکەلاوی خەڵک بوون بەتایبەت ئەوکسانەی مەبەستیان بووە لە بنەماڵەی عەلەویەکان زانیاری کۆکردۆتەوە و بۆ خەلیفەیان ناردوە[٤].

عەباسیەکان سیخوڕیان بۆ سەر بەرپرسە سیاسی و سەبازیەکانی ناوخۆی وڵات بەکارهێناوە، بە شێوەیەک خەلیفە (المأمون)دا (١٩٨ك-٢١٨ك/٨٢٠-٨٤٠ز) بۆ کڕینی ئەو سیخورانە برە پارەیەکی زۆری تەرخان کردوە و بۆ هەر یەکێک لەوانە بری سەد بۆ دوو سەد هەزار درهەمی خەرج کردوە،

[١] الطبري: التاريخ، ج/٤، ص٥٩٦؛ ابن الاثير: الكامل، ج/٥، ص٢٦٥؛ النويري: نهاية الارب، ج/٢٢، ص١٢٢.

[٢] امل محى الدين الكردى: دور النساء فى الخلافه العباسيه، (ب.ط)، دار الياوزي العلمية للنشر، عمان، ٢٠١٤، ص١٦.

[٣] ابن الطقطقي: الفخري في الاداب السطانية و الدول الاسلامية، تح: عبدالقادر محمد مايو، ط١، دار القلم، بيروت، ١٩٩٧، ٦١-٦٢؛ محمد عبدالحفيض المناصير: الجيش في العصر العباسي الاول، ص١٦٣.

[٤] الطبري: التاريخ، ج/٤، ص٤٠٣.

هەروەها بۆ زانینی هەواڵی خەڵک هەزار و حەوت سەد ژنی بەتەمەنی بەکارهێناوە بۆ زانینی بارودۆخی وڵات و وەرگرتنی زانیاری هەواڵگری[١]، عەباسیەکان بە توندترین شێوە سزای ئەو کەسانەیان داوە کە سەرچاوەی هەواڵگری لایەنە نەیارەکانی دەوڵەتی عەباسی بون و دانشتووی هەرێمە بەرهەڵستکارەکان بون و سزاکانیش بە پێی تەمەن و ڕەگەز جیاوازیان هەبووە، سزای منداڵانی سیخوڕی ڕکابەر هێشتنەوەیان بووە وەک دەستکەوت، بەڵام ژنانی سیخور سزاکەیان لێدان پاشان کوشتن بووە[٢]

لەساڵی (٢١٠ك/٨٣٢ز)دا (ابراهيم بن المهدي) ویستویەتی بە نهێنی لە دەسەڵاتی خەلیفە (المأمون) هەڵبێت بۆ ئەوکارەی پەنای بردۆتە بەر دوو ژن تا هاوکاری بکەن لە دەرباز بوون، (ابراهيم بن مهدي) بە نهێنی و بە یاوەری دوو ژن بە جلی ژنانەوە بەشەو دەرچون، بەڵام لە لایەن پاسەوانەکانەوە هەستیان پێکراوە و دوای ئەوەی داوایان لێکراوە جلەکانیان لەبەر دابکەنن، ا(براهيم) ڕەتی کردۆتەوە و بەو شێیوەیە بە زۆر جلەکەیان لێکردۆتەوە و ئاشکرا بووە، پاشان بۆ ماوەی هەشت ڕۆژ لە بەندیخانەدا ماوەتەوە خەلیفە (المأمون) بۆ شکاندنەوەی (ابراهيم بن المهدي) بۆ چەند ڕۆژێک جلە ژنانەکانی پیشانی خەڵک داوە[٣].

هەندێک جار ژنان ڕۆلی نێوەندگیریان بینیوە و هەوڵیانداوە بە شێوازی ئاشتیانە چارەسەری گرفتە سیاسیەکانیان بکەن ئەوکاتەی خەلیفە مەئمون هاوسەگیری لەگەل بۆرانی کچی حەسەنی کوڕی سەهل[٤] دەکات لەسەر داوای هاوسەرەکەی خەلیفە لە ئیبراهیمی کوڕی مەهدی خۆش بووە و لە زیندان ئازادی کردوە[٥].

---

[١] النويري: نهاية الارب، ج/٢٢، ص٢٣٩؛ صلاح الدين المنجد: بين الخلفاء و الخلعاء، ص٩٣؛ محمد عبدالحفيض المناصير الجيش في العصر العباسي الاول، ص١٦٤.

[٢] محمد عبدالحفيض المناصير الجيش في العصر العباسي الاول، ص١٦٨.

[٣] الطبري: التاريخ، ج/٥، ص١٦٨؛ ابن العبري: تاريخ مختصر الدول، ج/١، ص١٣٥؛ طيب بامخرمة: قلادة النحر في وفيات أعيان الدهر، ط١، دار المنهاج، جدة، ٢٠٠٨، ج/٢، ص٤٤٣.

[٤] بۆران کچی حەسەنی سەهل: باوکی وەزیری خەلیفە مەئمون بووە و هاوسەرگیری لەگەڵ خەلیفە مەئموندا کردوە و ژنێکی لێهاتو بووە و جگەلەوەش دەستی هەبووە لە هۆنراوە نوسین و هونراوەی بەسەر خەلیفەدا نوسیوە و لە ساڵی ١٩٢ک لەدایک بووە و لەساڵی ٢٧١ک کۆچی دوایی کردوە. (السيوطي: نزهة جلساء، (ب.ط)، مكتبة القران للنشر، (د.ت)، ص٣٢-٣٣.)

[٥] ابن الساعي: النساء الخلفاء مسمى جهات الاءمة الخلفاء من الحرائر و الاماء، تح: د.مصطفى جواد، (ب.ط)، دار المعارف، القاهرة، (د.ت)، ص٦٧؛ابن طولون: انباء الامراء و بانباء الوزراء، تح: مهنا محمد المهنا، ط١، دار البشائر الاسلامية، بيروت، ١٩٩٨، ص٣٧-٣٨؛النويري: نهاية الارب، ج/٢٢، ص٢٢٠.

## دەرەنجام:

١. ژنان لەناو بزوتنەوەی خەواریجدا ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە بەتایبەت لە گواستنەوەی پەیامە سیاسیەکاندا و لە قوناغی نهێنی چالاکیەکانیاندا، بەهۆی ئەوەی لەژێر چاودێریدا نەبون توانیویانە ڕۆلی گرنگ ببینن لە گرێدانی پەیوەندی سیاسی و سەربازی نێوان سەرکردەکانی عەباسی.

٢. عەلەویەکان بەو پێیەی ئۆپۆزسیۆنێکی سەرسەختی دەسەڵاتی عەباسی بوون زۆرترین ڕوبەڕو بونەوەیان لەگەڵ دەسەڵاتی بنەماڵەی عەباسیەکاندا هەبووە و لەو نێوەنداشدا ڕوبەڕوی توندوتیژی زۆر بونەتەوە هەمیشە ژنانی عەلەوی قوربانی گەورەیان داوە و بە رادەیەک یەکێک لە هۆکارەکانی ناکۆکی نێوان خەلیفە مەنسور و محمدی کوری عەبدولا مەسەلە ژن بووە کە ئەمەی دوایی شانازی بە نزیکایەتی پێغەمبەر (د.خ) کردوە لە ریگەی فاتیمەی کچی پێغەمبەر خەدیجەی دایکیەوە و ئەمەش ململانێی نێوان عەلەوی و عەباسی توندتر کردۆتەوە.

٣. ژن ل هەردوو بزوتنەوەی بەرمەکی و زەندیقەکاندا رۆلی بەرچاویان بینیوە چ وەک پشتگیری کردنی بەرمەکی و زەندیقی چ وەک ڕۆل بینین و نێوەند گیری نێوان هەردوو لایەنی ڕکابەر بە شێوەیەک چەندین هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی نێوان بەرمەکی و خەلیفەکانی عەباسیان داوە و ڕێز لە بیروبۆچونەکانیان گێراوە، بە ڵام بەهۆی توندی ململانێکانەوە نەگەشتونەتە ئەنجامێک کە هەردوو بەرە کۆبکاتەوە و ئاشتەوایی یەکجارەکی بە دیبهێنن.

٤. یەکێکی لە گرنگترین کاریگەریەکانی ژنان لە ململانێ سیاسیەکانی نێوان دەسەڵاتی عەباسی و فیرەقەکانی ئۆپۆزسیون بریتی بووە لە کاری سیخوڕی پێدانی زانیاری بە دەسەلاتدارانی عەباسی بۆ روبەروو بونەوەی لاینەکانی ئۆپۆزسیون و ئاگادار بوون لە چالاکی و ڕاپەڕینەکانیان.

٥. ژنان جگە لەوەی توانیویانە هاوکاری بزوتنەوە ئۆپۆزسیۆنەکان بن لە هەمان کاتدا لەناو دەسەلاتی عەباسیدا ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە و تەنانەت هەندێک جار کاریگەری گەورەیان هەبووە لە یەکلایی کردنەوەی ڕوبەڕو بونەوەی ڕاستەوخۆی نێوان هەردوولا و دامرکاندنەوەی راپەرینەکان.

## ليستى سەرچاوەكان:

❖ سەرچاوە ڕەسەنەكان(المصادر الاولية)

١. ابن الاثير: عزالدين ابن الاثير ابي الحسن علي بن محمد الجزري(ت: ٦٣٠هـ): الكامل في التاريخ، تحقيق: ابي فداء عبداللة القاضي، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، ١٩٨٧.

٢. ابن تغري: يوسف بن تغري بردي بن عبداللة الضاهري الحنفي، ابوالمحاسن، جمال الدين(ت: ٨٧٤هـ): النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، (ب. ط)، منشورات وزارة الثقافة و الارشاد القومي- دار الكتب، مصر، ١٩٦٣.

٣. ابن الجوزي: ابي الفرج عبدارحمن بن علي بن محمد ابن الجوزي(ت: ٥٩٧هـ): المنتظم في تاريخ الملوك و الامم، تح: محمد عبدالقادر عطا و مصطفى عبدالقادر عطا، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٢.

٤. ابن حمدون: محمد بن الحسن بن محمد بن علي، ابو المعالي، بهالدين البغدادي (ت: ٥٦٢هـ): التذكرة الحمدونية، ط١، دار الصادر، بيروت، ١٤١٧هـ

٥. ابن خلدون: ولي الدين عدبالرحمن بن محمد ابن خلدون(ت: ٨٠٨هـ): تاريخ ابن خلدون، تح: خليل شحادة، ط٢، دار الفكر، بيروت، ١٩٨٨.

٦. ابن خلكان: ابو العباس شمس الدين احمد بن محمد ابن ابراهيم بن ابى بكر ابن خلكان البرمكى الاربلى(ت: ٦٨١ه): ابن خلكان: وفيات الاعيان، تح: احسان عباس، (ب.ط)، دار صادر، بيروت، ١٩٠٠.

٧. ابن الساعي: تاج الدين ابي طالب علي بن انجب معروف بابن الساعي الخازن البغدادي (ت: ٦٧٤هـ): نساء الخلفاء مسمى جهات الاءمة الخلفاء من الحرائر و الاماء، تح: د.مصطفى جواد، (ب.ط)، دار المعارف، القاهرة، (د.ت).

٨. ابن الطقطقي: محمد بن علي بن طباطبا معروق بابن الطقطقي(ت: ٧٠٩هـ): الفخري في الاداب السلطانية و الدول الاسلامية، تح: عبدالقادر محمد مايو، ط١، دار القلم، بيروت، ١٩٩٧.

٩. ابن طولون: شمس الدين محمد بن علي بن خماروية بن طولون الدمشقي الصالحي الحنفي(ت: ٩٥٣هـ): انباء الامراء و بانباء الوزراء، تح: مهنا محمد المهنا، ط١، دار البشائر الاسلامية، بيروت، ١٩٩٨.

١٠. ابن العبري: يوحنا ابن هارون بن توما الملطي، ابوالفرج معروف بابن العبري (ت: ٦٨٥هـ): تاريخ مختصر الدول، تح: انطوان صالحاني اليسوعي، ط٣، دار الشرق، بيروت، ١٩٩٢.

١١. ابن عذاري: ابن عذاري المراكشي، ابو عبداللة محمد بن محمد(ت: ٦٩٥هـ): البيان المغرب في اخبار الاندلس و المغرب، تح: ج.س.كولان و ا.ليفي بروفنسال، ط٣، دار الثقافة، بيروت، ١٩٨٣.

١٢. ابن عساكر: ابي القاسم علي بن الحسن ابن هبة اللة بن عبداالة الشافعي معروف بابن عساكر (ت: ٥٧١هـ): تاريخ مدينة دمشق، تح: عمرو ابن غرامة العمروي، ط١، دار الفكر، بيروت، ١٩٩٨.

١٣. ابن قتيبة الدينوري: ابي محمد بن عبداللة مسلم ابن قتيبة الدينوري(ت: ٢٧٦هـ): المعارف، تح: ثروت عكاشة، ط٢، هيئة مصرية العامة للكتب، القاهرة، ١٩٩٢

١٤. ابن كثير: ابي الفداء اسماعيل بن عمر بن الكثير القرشي الدمشقي(ت: ٧٧٤هـ): البداية و النهاية، ط٥، دار المعرفة، بيروت، ١٩٩٩.

١٥. ابن الوردي: عمر بن مظفر بن عمر بن محمد ابن ابي الفوارس زين الدين ابن الوردي المعري الكندي(ت: ٧٤٩هـ): تاريخ ابن الوردي، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٦.

١٦. ابي زكريا: ابي زكريا يحيى بن ابو بكر (ت: ٤٧١ او بعدة): سير الائمة و اخبارهم، تح: اسماعيل العربي، ط٢، دار الغرب الاسلامي، بيروت، ١٩٨٢.

١٧. الاصفهاني: ابي الفرج علي بن الحسين (ت: ٣٥٦هـ):

١٨. الاغاني، تح: د.احسان عباس و اخرون، ط٣، دار الصادر، بيروت، ٢٠٠٨.

١٩. مقاتل الطالبين، تح/سيد احمد الصقر، (ب.ط)، دار احياء الكتب العربية، القاهرة .١٩٤٩.

٢٠. البلاذري: احمد بن يحيى بن جابر بن داود (ت: ٢٧٩هـ): انساب الاشراف، تح: سهيل زكار و رياض الزركلي، ط١، دار الفكر، بيروت، ١٩٩٦.

٢١. البيهقي: ابراهيم بن محمد البيهقي(ت: نحو ٣٢٠هـ): المحاسن و المساوئ، تح: محمد ابو الفضل ابراهيم، (ب.ط)دار المعارف، القاهرة، (د.ت).

٢٢. الجاحظ: عمرو بن بحر بن محبوب الكناني بالولاء، الليثي، ابوعثمان، مشهور بالجاحظ(ت: ٢٥٥هـ):

٢٣. المحاسن و الاضداد، (ب.ط)، دار و مكتبة هلال، بيروت، ١٤٢٣هـ

٢٤. الرسائل السياسية، (ب.ط)، دار و مكتبة الهلال، بيروت، (د.ت).

٢٥. البيان و التبين، ط٧، مكتبة الخانجي للطباعة و والنشر، القاهرة، ١٩٩٨.

٢٦. الجهشياري: ابي عبداللة محمد بن عبدوس الجهشياري(ت: ٣٣١هـ): الوزراء و الكتاب، تح: مططفى السقا و اخرون، ط١، مطبعة مصطفى الحلبي البابي و اولاده، القاهرة، ١٩٣٨.

٢٧. الدرجيني: ابي عباس احمد بن سعيد الدرجيني(ت: حوالي ٦٧٠هـ): الطبقات المشايخ بالمغرب، تح: ابراهيم طلايي، (ب.ط)، بدون مطبعة، (ب.م)، (د.ت).

٢٨. زبير بن بكار: زبير بن بكار بن عبداللة القرشي الاسدي المكي (ت: ٢٥٦هـ): جمهرة نسب قريش و اخبارها، تح/محمود محمد شاكر، (ب.ط)، مطبعة المدني، (د.ت).

٢٩. سبط ابن الجوزي: شمس الدين ابي المظفر يويف بن قزاوغلي بن عبداللة معلاوف بسبط ابن الجوزي(ت: ٦٥٤هـ): مرأة الزمان في تواريخ الاعيان، تح: انور طالب و اخرون، ط١، دار الرسالة العالمية، بيروت - دمشق، ٢٠١٣.

٣٠. السيوطي: عبدالرحمن بن كمال جلال الدين السيوطي(ت: ٩١١هـ): نزهة الجلساء، (ب.ط)، مكتبة القران للنشر، (د.ت).

٣١. الشماخي: بدر الدين أبو العباس أحمد بن سعيد بن عبد الواحد الشماخي(ت: ٩٢٨هـ): كتاب السير، تح: احمد بن سعود السيالبي، (ب.ط)، منشورات وزراة التراث القومي و الثقافة، سلطنة

عمان، ١٩٨٧.

٣٢. الشهرستاني: ابو الفتح محمد ابن عبدالكريم بن ابي بكر احمد الشهرستاني(ت: ٥٤٨هـ): الملل و النحل، ط٢، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٢.

٣٣. الصفدي: صلاح الدين خليل بن ايبك بن عبداللة الصفدي(ت: ٧٦٤هـ): الوفي بالوفيات، تح: احمد الارنؤوط و تركي مصطفى، ط١، دار احياء و التراث العربي، بيروت، ٢٠٠٠.

٣٤. الصولي: ابو بكرمحمد بن يحيى بن عبداللة الصولي(ت: ٣٣٥هـ): الاوراق قسم اخبار الشعراء، (ب.ط) شركة الامل للنشر، القاهرة، ١٤٢٥هـ

٣٥. الطبري: ابي جعفر محمد بن الجرير الطبري(ت: ٣١٠هـ): تاريخ الامم و الملوك، ج٢، طبعة الاولى، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٨٧.

٣٦. طيب بامخرمة: أبو محمد الطيب بن عبد الله بن أحمد بن علي بامخرمة(ت: ٩٤٧): قلادة النحر في وفيات أعيان الدهر، ط١، دار المنهاج، جدة، ٢٠٠٨.

٣٧. القلقشندي: احمد بن علي بن احمد الفزاري القلقشندي ثم القاهري (ت: ٨٢١هـ): صبح الاعشى في صناعة الانشاء، (ب.ط)، دار الكتب العلمية، بيروت، (د.ت).

٣٨.النويري: احمد بن عبدالوهاب بن محمد بن عبدالدائم القرشي التيمي البكري، شهاب الدين النويري(ت: ٧٣٣هـ): نهاية الارب في فنون الادب، ط١، دار الكتب و الوثائق القومية، القاهرة، ١٤٢٣هـ

٣٩. اليعقوبي: احمد بن يعقوب بن جعفر بن وهب ابن واضح معروف باليعقوبي(ت: بعد ٢٩٢هـ): تاريخ اليعقوبي تح: عبدالامير مهنا، ط١، شركة الاعلمي للمطبوعات، بيروت، ٢٠١٠.

❖ سەرچاوە نوێیەکان (المراجع):

١. احمد بن خالد الناصري: الاستقصا لأخبار دول المغرب الاقصى، تح: جعفر الناصري و محمد الناصري، (ب.ط)،، دار الكتاب، دار البيضاء، ١٩٩٧.

٢. امل محى الدين الكردى: دور النساء فى الخلافه العباسيه، (ب.ط)،، دار الياوزي العلمية للنشر، عمان.٢٠١٤.

٣. بنت البطوطة: من تاريخ هارون الرشيد و البرامكة، تر: ا.د.ق، (ب.ط)، مطبعة حلبي منهور، القاهرة، ١٩٤٤.

٤. حمد عبدالحفيض مناصير: الجيش في العصر العباسي الاول، ط١، دار المجدلاوي للنشر، عمان، ٢٠٠٠.

٥. خيرالد بن محمود الزركلي: الاعلام، ط١٥، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٩٦.

٦. د.محمد ابراهيم الاصيبعي: الشرطة في النظم الاسلامية، (ب.ط)، مكتب العربي الحديث، الاسكندرية، (د.ت).

٧. سليمان بن صباح الغصن: الخوارج، ط١، دار الكنوز اشبيليا للنشر، الرياض، ٢٠٠٩.

٨. صلاح الدين المنجد: بين الخلفاء و الخلعاء، (ب.ط)، دار الحياه، بيروت، ١٩٥٧.

٩. عامر النجار: الاباضية و مدى صلتها بالخوارج، ط١، دار المعارف، الفاهرة، ١٩٩٣.
١٠. عبداللة العفيفي: المراة العربيه فى جاهليتها و اسلامها، ط١، مكتبة الثقافة للنشر، مدينة المنورة، ١٩٣٠
١١. عمر رضا كحالة: اعلام النساء في عالمي العرب و الاسلام، (ب.ط)، مؤسسة الرسالة، بيروت، (د.ت).
١٢. محمد زنيبر: الدولة الاسلامية فى ظل الخلافة العباسية، (ب.ط)، دار النشر المغربية، دار البيضاء، ١٩٨٥.
١٣. محمد علي دبوز: تاريخ المغرب الكبير، (ب.ط)، مؤسسة تاوالت الثقافة، (ب.م)، ٢٠١٠.
١٤. محمود اسماعيل عبدالرزاق: الخوارج فى بلاد المغرب، ط٢، دار الثقافة، دار البيضاء، ١٩٨٥.
١٥. مهدي طالب هاشم، حركة الاباضية في مشرق العربي، ط١، دار الاتحاد العربي للطباعة، القاهرة، ١٩٨١.
١٦. ناصر الدين الالبانى: ضعيف الجامع الصغير و زياده، الحديث: ٣٧٣٩، (ب.ط)، مكتب الاسلامي للنشر، (د.ت).
١٧. واجدة مجيد عبداللة الاطرنجي: المرأة في ادب العصر العباسي، ط١، مركز زايد للتراث و التاريخ، الامارات، ٢٠٠٢.

❖ نامەی ماستەر و تێزی دکتورا:

١. حنان محمد على عاشور: دور المراه فى المجتمع الاسلامى خلال عصر العباسي الاول، رسالة ماجستير، جامعة المرقب، كلية الاداب و العلوم، قسم التاريخ، ٢٠٠٧-٢٠٠٨.
٢. هند يوسف السامرائى: دور المرأة فى الحركه الخوارج، رساله ماجستير، جامعه تكريت، كليه التربيه، قسم التاريخ، ٢٠٠٥.